**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە ( ١٢ ) ساڵی ٢٠١٢**

به پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١١) لە ٣٠/ ٤/٢٠١٢ بریارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە ( ٣ )ی ساڵی٢٠١٢**
**یاسای رێگا گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**بەشی یەکەم**
**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە، لەم یاسایەدا، ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم:** وەزارەت: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**دووەم:** رێگای گشتی: ئەو رێگا قیرتاوکراوە، یان قیرتاو نەکراوەیە کە بۆ هاتوچۆی ئوتۆمبیل تەرخان کراوە کە قەدەغەکراوەکانی رێگایەکەش دەگرێتەوە، جۆرەکانی رێگا گشتییەکانیش بە خێراو سەرەکی و لاوەکی و هی دیکە بە بەیاننامەیەك دیار دەکرێن لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاّودەکرێتەوە.

**سێیەم: ڕێگای هاتوچۆی خێرا:** ئەو ڕێگا گشتییەیە کە تایبەت بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل نەخشەی بۆ کێشراوە و دامەزراوەو، خزمەت بە موڵك و سامانی هاوشان و نزیکی خۆی ناکات، واتا (شوورەدارە) و، مەودای هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی تێدا جیاکراوەتەوەو، لەگەڵ هیچ ڕێگایەك یان هێڵی شەمەندەفەر، یان هیچ ئاراستەیەکی تر یان پیادەرەو، لەهەمان ئاستدا یەکتر نابڕن و وەك ڕێگایەکی خێرا نەخشەی بۆ کێشراوە و، ڕاگەیەندراوە.

**چوارەم:** پێل (پرد): بە کۆنکریت، یان بە ئاسن، یان بە هەردووکیان دامەزراوە، پانتاییەکەیشی لە (٦) مەتر زیاترە لەوانەشە لە چەندین پانتایی پێك هاتبێت بۆ گواستنەوەی هاتوچۆی جۆربەجۆر یان بۆ گواستنەوەی خزمەتگوزاری یان هەردووکیان بەسەر ئاوەڕۆیەکەوە یان لەسەر خڕێك (فتحە) دادەمەزرێت و، چەمکی پردش، ئەو پردە سەر ئاوکەوتوانەش دەگرێتەوە کە بەهەر جۆرێك داڕێژرابن و وەژێر کار خرابن، وەزارەتیش بە بەیاننامەیەك کە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێتەوە بە پرد پێناسەیان دەکات.

**پێنجەم:** یەکتربڕ: بریتییە لە تۆڕێك ڕێگای پێکەوە بەستراو و یەکتربڕ لەسەر یەك ئاست یان زیاتر، کە ڕێگای هاتوچۆ لە نێوان دوو ڕێگا یان زیاتر فەراهەم دەکات.

**شەشەم:** تونێڵ: ڕێگایەکە بە ژێر ڕێگایەکی تر یان هێڵی شەمەندەفەر، یان ڕوبار، یان کەنداو، یان کەناڵ، یان چیا، یان بەرزاییدا دەڕوات، نەخشەی بۆ داڕێژراوە دامەزراوە و، بە بەیاننامەیەك کە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێتەوە، بە تونێڵ ڕادەگەیەندرێت.

**حەوتەم:** ئاوبارە (القنطرة): ئاوڕۆیەکی داخراوە و، خزمەتگوزاری یان ئاو بە کەناڵێکی سروشتی یان بە ئاوەڕۆیەکی سروشتی یان دەستکرد لەلایەکی ڕێگاکەوە بۆ لایەکەی تری دەگوازرێتەوە و، ئەمەش پرد ناگرێتەوە.

**هەشتەم:** قەدەغەکراو: قەدەغەکراو ئەمانە دەگرێتەوە:

١ـ ڕێگا یان پرد یان ئاوبارە یان یەکتربڕ، یان تونێل.

٢ـ زەویەکانی هاوشانی ڕێگایەکە دەگرێتەوە کە وەزارەت بە بەیاننامەیەك دەری دەچوێنی و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**نۆیەم:** قورساییە میحوەرییەکان: قورسایی لۆرییەکە و کێشی ئەو بارە دەگرێتەوە کە لەسەر هەر میحوەرێك لە میحوەرەکانی لۆرییەکە دانراوە.

## بەشی دووەم

## ئامانجەکانی ئەم یاسایە و مەوداکانی کارپێکردنی

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوەیە:

**یەکەم:** پاراستنی سەلامەتیی رێگا گشتییەکان و پرد و یەکتربڕ و تونێلەکان و چاککردنەوەیان و نەهێشتنی دەست درێژی بۆ سەریان.

**دووەم:** دیـارکردنی قەدەغـەکراوەکانی رێگـا گـشتییەکان و پـرد و یـەکتربڕ و تونێلـەکان و، رێکخستنی بەکارهێنانیان.

**سێیەم:** دیارکردنی قورسایی میحوەری لۆریەکان و خێرایی و مەودای ئـەو ئۆتۆمبیلانـەی کـە رێگا گشتییەکان بەکاردەهێنن.

**چوارەم:** ئاسانکردنی رێکارەکانی دەستبەسەر داگرتنی ئەو زەویانەی کە رێگا گشتییەکان و پرد و یەکتربڕ و تونێلیان پێدا دەڕوات و بە موڵکردنیان و، رێکخستنی رێکاری خەملاندنی بەشەکانی تری لە دامەزراو و چێنراو و زەرعات و، چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەیان.

**پێنجەم:** رێکخستن و مۆڵەت پێـدانی بنیادنـانی ئـەو دەمەزراوانـەی کـە خزمـەت بـە رێگـا گشتییەکان دەگەیەنن و، دیاری کردنی دوورییان لەو رێگایانەوە.

**شەشەم:** رەزامەندی پیشان دان لەسەر پرۆژەکانی تری دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی سەرۆکایەتی شارەوانییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەوانی.

**حەوتەم:** رێکخستن و پێدانی مۆڵەت و دانانی هۆکارەکانی ریکلام کـردن و راگەیانـدن لەسـەر رێگا گشتییەکان.

**ماددەی سێیەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**یەکەم:** ئەو رێگا گشتییانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان، هەروەها ئەو ئاوبارە و جێگاپەڕینەوە و تونێل و یەکتربڕانەش کە دەکەونە چوارچێوەی قەدەغـەکراوەکانیان و، ئەو دامەزراو و گۆڕەپانانەش کە خزمەت بەو رێگایانە دەبەخشن.

**دووەم:** هەموو جۆرە پردێك کە دەکەونە سنووری شارەوانییەکان و دەرەوەشیان کە وەها ناسراون سەر بە وەزارەت بن، ئـەوەش تـەنها بەشـە سـەرگیراوەکانی پردەکـە دەگرێتـەوە نـەك تەنیشتەکان.

## بەشی سێیەم
## بە موڵکردن و خەملاندن

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** وەزارەت داوا دەکات: (نیشانەی دەستکاری نەکردن لەسەر ئەو زەوییانە لە تۆمارەکانی عەقاریدا دابنرێت کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، ئەمەش بۆ ماوەیەك کە لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت لە رۆژی دانانی نیشانەکەوە.

**دووەم:** وەزارەت بۆی هەیە دەست بەسەر ئەو زەویانەدا بگرێت کە دەقەکانیان لە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون، ئەوانەی کەوتوونەتە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان، ئەمەش دوای خەملاندنی بەهای پاشکۆکانی لە دامەزراو چێنراو و زەرعەتەکان لەلایەن لیژنەیەکەوە کە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و ئەندامیەتی نوێنەری وەزارەت و نوێنەری تۆماری خانووبەرە و نوێنەری کشتوکاڵ و نوێنەری یەکێتی جوتیاران و نوێنەری وەزارەتی دارایی و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی دەوڵەت لە پارێزگا یان لە یەکەی کارگێڕی و خاوەن زەوی یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات و، لیژنەش بۆی هەیە بۆ مەبەستی ناوبراو پەنا بۆ شارەزایەك یان زیاتر ببات.

**سێیەم:** ئەو لیژنەیەی کە دەقەکەی لە بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، بنەماکانی ئەو خەملاندنە پێڕۆ دەکات کە لە یاسای بە موڵککردنی ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٨١ و هەموارەکانیدا هاتووە.

**چوارەم:** وەزارەت و هەر کەسێکیش کە پێوەندیی هەبێت بە پاشکۆکانی ئەو زەویەوە کە بەپێی حوکمەکانی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە خەملێندراوە، بۆیان هەیە لە ماوەی (١٥) رۆژدا لە رۆژی پێڕاگەیاندنەوە لەبەردەمی دادگای بەرایی تایبەتمەند بە جێگای عیقارەکە ناڕەزایی لەسەر کۆنووسی خەملاندنەکە دەرببڕن، دادگاش لەماوەی (١٥) رۆژدا سەیری ناڕەزاییەکە دەکات و بڕیارەکەشی بەر تانە لێدان دەکەوێت لەلایەن سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە وە بە سیفەتی پێداچوونەوەی.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** وەزارەت لە ماوەی (١٨٠) سەد و هەشتا رۆژدا لە رۆژی دەست بەسەرداگرتنەکەوە دەست بە موڵك کردنی ئەو زەویانە دەکات کە لە مادده (٤)ی ئەم یاسایە دەقنووس کراون، ئەمەش بەپێی حوکمەکانی یاسای بە موڵك کردن ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٨١ و هەموارکراوەکانی و، بەهاکەشی لەو رۆژەوە دەخەملێندرێ کە نیشانەی هەڵسوکەوت نەکردنی لەسەر دانراوە یان لەو رۆژەوە کە داوای بە موڵك کردنی کراوە یان کامەیان باشتر بێت بۆ ئەو کەسەی کە بەناوی دەکرێت.

**دووەم:** لە حاڵەتێکدا کە نەکرا ناونیشانی خاوەن پەیوەندی بە زەویەکان و پاشکۆکانییەوە وەربگیرێت ئەوا ژمارەی پارچەکان لەو کەرتانە بەلای کەمەوە دوو جاران لە رۆژنامەیەکی رۆژانە رادەگەیەندرێ و (٩٠) نەوەد رۆژیش مۆڵەت بە پەیوەندیدارەکان دەدرێت ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم دابن و (١٨٠) سەد و هەشتا رۆژیش بەو کەسانە دەدرێت کە لە دەرەوەی هەرێمدا بن بۆ سەردان و چەسپاندنی مافەکانیان و بە تێپەڕبوونی ماوەی ناوبراویش پارچە زەویەکان بە موڵکراو دادەنرێن.

**سێیەم:** بەبێ بەرامبەر ئەو چواریەکە یاساییەی کە دەقەکەی لە یاسای موڵکدارکردندا هاتووە، وەردەگیردرێت ئەمەش بەپێێ ئەو حوکمانەی کە دەقنووس کراون و ئەم حوکمەش بەسەر هەموو ئەو زەویانە جێبەجێ دەکرێت حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە رەگەز و جۆر و جێگا و، ئەو یاسایەش کە موڵکداریەکەی پێکراوە ئەگەر چوار یەکە یاسایەکە پێشتر بەهەر هۆیەك بێت وەرنەگیرابێت.

**چوارەم:** زەویە قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکان کە بەناوی وەزارەتی داراییەوە بەموڵك کراون، تۆمار دەکرێن و تایبەت دەبن بە وەزارەتە وە تۆمارەکانی عیقاریی ئەو زەویانەش هەموار دەکرێن کە بەر لە کارپێکردنی ئەم یاسایە بە موڵککردنیان تەواو بووە.

**پێنجەم:** لە حاڵەتێکدا ئەگەر وەزارەت پێویستی بەهەر رووبەرە زەوییەك نەما کە دەقەکەی لەبەندی (چوارەم) ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەوا خاوەنداریەتییەکەی بۆ سەرۆکایەتی شارەوانییەکان یان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانییە تایبەتمەندەکان، بەبێ بەرامبەر دەگەڕێتەوە ئەگەر کەوتبووە چوارچێوەی سنوورەکەیەوە و دەستیشی لەسەر هەڵدەگیرێت و دەدرێتەوە بە وەزارەتی دارایی ئەگەر کەوتبووە دەرەوەی ئەو سنوورانەوە.

**شەشەم:** وەزارەت لەجیاتی فەرمانگە فەرمیەکانی هەرێم، سەرپەرشتیی ئەو زەویانە دەکات کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و، بەهاو دەنگیش لەگەڵ یەکە کارگێریەکاندا دەست درێژی لەسەر لادەبات.

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** وەزارەت بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا دەست بەسەر هەر زەویەك یان باخێك یان هەر بەشێکیدا بەشێوەیەکی کاتی بگرێت بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی پڕۆژەگەلی رێگای گشتی و پرد، بۆ ماوەیەك کە لە ماوەی تەواوکردنی پڕۆژەکە نەترازێت، بۆ ئەوەش کرێ دەدات پاش ئەوەی خاوەنەکەی بە ماوەیەك ئاگادار دەکرێتەوە کە لە (٣٠) رۆژ کەمتر نەبێت.

**دووەم:** ئەو لیژنەیەی کە لە بەندی (دووەم)ی ماددەی (چوارەم)ی ئەم یاسایەدا دەقەکەی هاتووە، کرێی سالانە یان مانگانەی ئەو عیقارە دیار دەکات کە بڕیار دراوە بەشێوەیەکی کاتیی دەستی بەسەردا بگیردرێت و، کۆنووسێکیشی لەگەڵدا رێکدەخات، بارە هەنووکەییەکەی لەگەڵ پاشکۆکانی تێدا دەچەسپێنێت.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر وەزارەت ئەو عیقارەی دەستی بەسەردا گیراوە بۆ خاوەنەکەی دوای تەواوکردنی پڕۆژەکە بگەڕێنێتەوە، بە گوێرەی ئەو حاڵەتەی کە لە کۆنووسی دەست بەسەردا گرتنەکەدا جێگیر کراوە و پاش خەملاندنی هەمان لیژنە قەرەبووی ئەو زیانانەش دەکرێتەوەکە تووشی عەقارەکە هاتووە.

## بەشی چوارەم
## قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتییەکان و پردەکان

**ماددەی حەوتەم:**

وەزارەت بە بەیاننامەیەك ئەمانەی خوارەوە دەردەچووێنێ و لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاودەکرێنەوە:

**یەکەم:** قەدەغەکراوەکانی رێگا گشیتیە خێراکان و سەرەکی و لاوەکی و لادییەکان و ئەوانی دیکە جگە لەو بەشانەی کە بەناو چوارچێوەی شارەوانییەکان دەڕوات کە دیاری کردنیان بەر نەخشەی بنەڕەتی هەر یەك لە خۆیان دەکەوێت.

**دووەم:** قەدەغەکراوەکانی ئەو پردانەی کە ناشێ کارگەری لە بێژنگدانیان تێدا دابنرێت یان کارگەی بەرد هەڵکەندیان تێدا دابمەزرێت یان گۆڕانکاریەکی وەها لە ئاڕاستەی رووبارەکەدا بکرێت کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە پایەکانی پردەکە یان بەجێگە نزیکەکانی.

**سێیەم:** قەدەغەکراوەکانی رێگا یەکتر بڕەکان و تونێل و شوێنی پەڕینەوەکان، ئەگەر هەبوون.

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** ناکرێ لە چوارچێوەی سنووری قەدەغەکراوەکاندا لە هیچ لایەکیاندا بینا دروست بکرێت، یان بچێندرێت، یان زەرعەتی لێ بکرێت، یان رووباری تێدا لێ بدرێت، یان جۆگەی تێدا رابکێشرێت یان خوێدەڵێنی تێدا هەڵکەندرێت یان وێستگەی سووتەنیی تێدا دابمەزرێت یان تەلی لێ ڕایەڵ بکرێت یان ئامرازی پڕوپاگەندە و راگەیاندنی لێ بچەسپێت یان هەر کارێکی تر لەو چوارچێوەیەدا ئەنجام بدرێت، مەگەر وەزارەت بەنووسین رەزامەندیی لەسەر دابێت.

**دووەم:** ناکرێ لەم دیوو و ئەودیوی رێگا دەرەکیە سەرەکیەکان لە چوارچێوەی ئەو رووبەرەدا هەڵکەندن ئەنجام بدرێت کە دەکەوێتە نێوان دوو هێڵی هاوتەریب بە هێڵی ناوەڕاست لە مەوداو یەك کەلە (٧٥) حەفتاو پێنج مەتری راست و چەپی رێگای یەك سایدەوە دوورنەبێت و(١٠٠) مەتریش لە رێگای دوو سایدەوە دوور نەبێت، مەگەر لەسەر رەزامەندی وەزارەت و بەپێی مەرج و بەندو بەستێك کە خۆی داینابێت.

**سێیەم:** پردێك یان ئاوبارەیەك یان شوێنی پەڕینەوەیەك یان هەر دامەزراوێکی دی لە چوارچێوەی قەدەغەکراوی رێگا گشتیەکان دروست بکات، بەرەزامەندی وەزارەت و بەپێی ئەو نەخشەبەش نەبێت کە بڕیاری لەسەر دەدات، بەو مەرجەش کە رێگەیەکی شوێنگرەوەی کاتی گونجاو لەماوەی ئیشەکەدا بۆ هاتوچۆ دابین بکات کە هەموو نیشانەکانی سەلامەتیی هاتوچۆی تێدا فەراهەم بێت.

**چوارەم:** ئەو تازە دامەزراوانەی کە لە چوارچێوەی قەدەغەکراوی رێگا گشتیەکاندا دامەزراون ئەوانەی کە هی فەرمانگە فەرمییەکانی دەوڵەتن پێش بەرکارخستنی ئەم یاسا بەبێ بەرامبەر هەڵدەگیرێن ئەگەر بوونیان کاریگەری نەرێتی لەبارەی هونەری یاخود سەلامەتی هاتوچۆوە لەسەر رێگا گشتییەکان هەبێت، هەڵگرتنیشی لە کیسەی لایەنی پەیوەندیدار بە هەماهەنگی لەنێوان خۆی و وەزارەتدا دەبێت.

**پێنجەم:** ئەو تازە دامەزراوانەی کە سەر بەغەیری ئەو لایەنانەن کە لە دەقی بەندی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون و بە مۆڵەتی ئوسوڵی یان بەرەزامەندی لایەنێکی فەرمی دامەزراون، لادەبرێن، ئەگەر بەر لە جێبەجێکردنی رێگایەکە دامەزرابن، یان دیارکردنی قەدەغەکراوەکانی دوای قەرەبووەکەی، ئەگەر کاریگەریەکی نەریتی لە رووی هونەریەوە کردبێتە سەر رێگایەکە و سەر سەلامەتیی هاتوچۆ، لەقەرەبووکردنەوەکەشدا ئەمانەی خوارەوە رەچاو دەکرێن:

١- تەنها قەرەبووی تازە دامەزراوەکان دەکرێت.

٢- قەرەبووەکە لە رۆژی پێدانی مۆڵەتەکەوە، یان لە رۆژی دەرچوونی رەزامەندیەکەوە، یان لە رۆژی پێدانی ئیزنی دامەزراندنی دامەزراوەکانەوە، یان لە رۆژی هەڵکەندنیەوە کامیان بۆ هاوولاتیەکە باشتر بوو، لەو رۆژەوە دەخەملێنرێت، دەنا لەکاتی پشکنین و خەملاندنەکەوە دیاری دەکرێت کە کرێی هاوشێوە بێت، مەگەر رێکەوتنێکی پێچەوانەی ئەوە هەبووبێت.

٣- بڕی قەرەبووەکە لەلایەن لیژنەیەکەوە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و ئەندامێتیی نوێنەری هەریەك لە وەزارەت و وەزارەتی دارایی و فەرمانگەی تۆماری خانووبەرەی یەکەی کارگێڕی و فەرمانگەی خانووبەرەی دەوڵەت لە خاوەن ئەزموونەکان دەخەملێنرێت.

٤- وەزارەت و پێوەندیدار بۆیان هەیە ناڕەزایی لەسەر بڕی قەرەبووەکە لەبەرەم دادگای بەرایی تایبەت بە جێگای دامەزراوەکە لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە رۆژی دەرچوونی بڕیاری قەرەبووەکەوە دەرببڕن و بڕیاری دادگاکەیش بە سیفەتی پێداچوونەوە لەبەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەدا بەر تانەلێدان دەکەوێت.

٥- قەرەبووەکە و خەرج و مەسرەف و کرێکانی لە رێی ئەو دادگایەوە دەدرێت کە تایبەت بە جێگەی پڕۆژەکە بێت، لەو پارەیەش دەدرێت کە وەزارەتەکە بۆ ئەو مەبەستە داینـاوە، پارەکەش بەپێی یاسا بە خاوەن مافەکان دەدرێت.

**شەشەم:** ئەو تازە دامەزراوانەی کە بە دەست درێژی لە، دوای جێبەجێکردنی رێگایەکە یان دوای دیارکردنی قەدەغەکراوەکانی دامەزراون، بەپێی یاسا لادەبرێن و، لابردنەکەش لەلایەن ئەو یەکە کارگێڕییەوە دەکرێت کە تازە دامەزراوەکە دەکەوێتە ناو شوێنی جوگرافیاییەکەی و لەسەر حسابی دەست درێژکەر دەبێت، ئەویش لەماوەی (٩٠) نەوەد رۆژدا، لە رۆژی پێڕاگەیاندنی بەو دەست درێژییە.

**حەوتەم:** وەزارەت بۆی هەیە رەزامەندی لەسەر ئەمانەی خوارەوە بدات:

١- بەکارهێنانی بەشێك لە قەدەغەکراوەی ڕێگای گشتیەی کە بۆ دامەزراندنی دامەزراوەگـەلی گەشت و گوزار، یان خزمەتگوزاریی ڕێگایەکە، یان بۆمەبەستی کشتوکاڵی وەرزی، یان بۆ ئەو کشتوکاڵەی کە دەڵێ ڕێگایەکە بپارێزن و ژینگەکەش چاکتر بکەن، یـان بـۆ ڕاکێـشانی قابلۆ، یان بۆ دانانی کۆڵەکەی کارەبا، یان بۆ پرۆژەگەلی ئاو، یـان بـۆ پرۆژەگـەلی دیکـەی حکومەت، بەمەرجێك لەگەڵ پێداویستە هونەریەکانی ڕێگەکەدا هاودژ نـەبێت و زیـان بـە سەلامەتیی هاتوچۆی نەگەیەنێت.

٢- مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا پسپۆڕەکان بـۆ دانـانی هۆیـەکانی ریکـلام کـردن و ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی قەدەغەکراوی ڕێگا گشتییەکاندا بەپێی بەند و مەرجی تایبەت بە وەزارەت.

٣- هێشتنەوەی ئەو باخانەی دەکەونە سـەر قەدەغـەکراوەکانی ڕێگایەکـە، ئەگـەر مانـەوەیان کارنەکاتە سەر لایەنی هونەری و سەلامەتیی هاتوچـۆی سـەر ڕێگایەکـە، بەمـەرجێك بـە شێوەیەکی ڕێك و پێك لەسەر حسابی خاوەنەکانیان پەرژین بکرێن.

٤- هێـشتنەوەی تـازە دامـەزراوەکان و ئـەو بینایانـەی دەکەونـە چوارچـێوەی قەدەغـەکراوی ڕێگەکەوە، لەو ڕێگایانەدا کە بەر لە بەرکارخستنی ئەم یاسایە جێبەجێ کـراون بەمـەرجێ مانەوەیان هاودژ نەبێت لەگەڵ پێداویستە هونەریەکانی ڕێگایەکە و سەلامەتی هاتوچۆ بەم جۆرەی خوارەوە:

أ ـ بەشەکانی ئەو بینایانەی کە لە (١٠) دە مەتر قوڵتر دەست درێژییان نەکردووە، ئەگـەر بـە لابردنیان زیان بە هەموو بینایەکە بگەیەنێت.

ب ـ کۆڵەکەکانی کارەبا و تەلەفۆن قابلۆکانی میحوەری و هێڵی شـەمەندەفەر و کەناڵـەکان و دامەزراوەکانی پشتەوەی.

ج ـ ئـەو بینـا و دامەزراوانـەی سـەر بـە فەرمانگـەکانی دەوڵـەت و خانـەکانی پەرسـتش و گۆڕستانەکانن.

**هەشتەم:** دامەزراو و پرۆژەگـەلی وەبەرهـەمهێن مـوڵکی هـەر کەسـێك و لایـەنێك بـن، لـە حوکمەکانی بەندی شەشەمی ئەم ماددەیە بە دەردەبن و تـا تەمـەنی ڕەنێوهێنانیـان بەسەر دەچێ، بەمەرجێ هێڵی ڕەنێوهێنانی تازەیان بۆ زیـاد نـەکرێت، ئەوانـە دوای بەسەرچوونی تەمەنی وەبـەرهێنانیان، لەسـەر حـسابی ئـەو لایەنـەی کـە لـە نـوێ دامەزراوەکە خاوەنیەتی لادەبرێن و هیچ قەرەبوویەکیشیان ناکەوێت.

**نۆیەم:** بیناو دامەزراو و شوێنی دیکەی پێویست بۆ خزمەتگوزاری ڕێگا گشتییەکان بە مۆڵەتی وەزارەت و بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگای پەیوەندیدار و بەپێی نەخشەیەك دادەمەزرێت کە ئامادەکراوە یان نەخشەی بۆ دارێژراوە و بەو چۆنیەتییەش کە شوێنەکە دەیخەملێنی لە ناوەوە یان لە دەرەوەی قەدەغەکراوی ئەو ڕێگایانە و لەسەر وەزاەرتیشە ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەربچوێنێت.

**دەیەم:** ناکرێ هیچ بینایە، یان دامەزراو، یان هیچ تازە دامەزراوێك یان شاردنەوەی تەندروستی دابمەزرێت کە بەکارهێنانیان مەترسی یان بێزارکردن کاریگەری لەسەر ژینگەی ڕێگاکەو بەکارهێنەرەکانی هەبێت بەهۆی دووکەڵ دەرهاویشتن یان هەڵم یان غاز یان تۆز یان بۆنی زیانبەخش یان شتی لەو جۆرە بابەتانەیان لێ بکەوێتەوە، تەنیا لەو جێگایانەدا نەبێت کە بەلای کەمەوە (٥٠٠) پێنج سەد مەتر لە قەدەغەکراوی سنووری ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکیەکان دوور بن و، ڕێگاش دەدرێت بە خاوەنی پارچە کشتوکاڵیەکان کە خانوویەکی نیشتەجێبوون بۆ خۆیان بەپێی یاسا دروست بکەن، بەمەرجێ پەرژینی دەرەوەی خانووەکە بەلای کەمەوە (٢٥) بیست و پێنج مەتر لە سنووری قەدەغەکراوی ڕێگاکەوە دووربێت و یەکسەریش بە ڕێگەکەوە نەبەسترێت، بەڵکو بە ڕێگەکانی خزمەتگوزاری هاوتەریبی ڕێگا خێرا خۆجێیەکەوە ببەسترێتەوە، یان بەو ڕێگا خۆجێیانەوە ببەسرێتەوە کە لە ناوچەکەدا هەن.

**یازدەیەم:** ڕێگای لادێییەکان و کشتوکاڵیەکان لە حوکمەکانی بەندی دەیەمی ئەم ماددەیە بەدەردەبن، پڕۆژە کشتوکاڵی و کێڵگەکانی پەلەوەر و تروکانی هێلکەو هاوشێوەکانیان نەبێت کە ڕێگە بە دامەزراندیان نادرێت لەو جێگایانەدا نەبێت کە مەودای دووریان کەمتر نەبێت لە (٥٠٠) پێنج سەد مەتر لە سنووری قەدەغەکراوی ڕێگایەکەوە.

## بەشی پێنجەم
## کێشی قورسایی میحوەری بارهەڵگرەکان

**ماددەی نۆیەم:**

قورساییە میحوەریەکانی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکاردەهێنن بە بەیاننامەیەك دیاردەکرێن کە وەزارەت دەریدەچوێنێ و، لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە و، وەزارەتیش بۆی هەیە هەندێ ئۆتۆمبێلی تایبەتی سەر بە فەرمانگەکانی دەوڵەت و ئۆتۆمبێلەکانی هێزی چەکدار و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە بۆ حاڵەتی تایبەتی بەکاردەهێنرێن بە دەربکات.

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** وەزارەت بەهەماهەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆدا، جێگاکانی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبێلەکان دیاری دەکات و لەسەر وەزارەتیشە بینایەگەل و گۆڕەپانی لە باریان بۆ دابین بکات لەگەڵ فەراهەمکردنی ئامێرەکانی کێشان و پاراستنیان.

**دووەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆ و وەزارەت، وەرگرتن و هەڵسوڕاندن و بەکارخستنی وێستگەکانی کێشان دەخەنە ئەستۆی خۆیان و، سەپاندنی سزایش بەسەر سەرپێچیکاراندا، بە هەماهەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆدا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەنجام دەدرێت.

**سێیەم:** وەزارەت مافی ئەوەی هەیە ئەرك و فەرمانی بەڕێوەبردن و بەکارخستنی وێستگەکانی کێشان کە سەربەخۆیەتی، بە کەرتی تایبەتی بەپێی ڕێنمایی گەلێك بسپێنرێت کە وەزارەتەکە بۆ ئەم مەبەستە لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا دەریدەچوێنێت.

**چوارەم:** هەموو وێستگەکانی کێشان کە کەرتی تایبەت بەکاریان دەهێنێت، ئەو ڕێنمایی و کۆتوبەندانە دەیانگرنەوە (الضوابط) کە وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە دەریاندەچوێنێت. بەمەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ نەبێ.

**پێنجەم:**

١ - بڕی (١٠٠٠) هەزار دینار وەك کرێ لەبڕی کردەوەی کێشانی هەر بارهەڵگرێك لە وێستگەکانی کێشان وەردەگیرێت.

٢- ئەو کرێیەی کە لە بڕگەی (١/پێنجەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە بە داهات بۆ وەزارەت تۆمار دەکرێت.

٣ - کۆی ئەو داهاتەی کە دەقەکەی لە بڕگەی (٢/پێنجەم)ی سەرەوەی ئەم ماددەیەدا هاتووە بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

أ - ٧٥٪ هەفتاو پێنج لەسەدا لە حیسابی وەزارەت دادەنرێت و بۆ چاککردنەوە و درێژە پێدانی وێستگەکانی کێشان تەرخان دەکرێت و پێداویستییە پێویستیەکان و کەرەستەی یەدەگی ئەم ویستگانەی پێ دابین دەکرێت.

ب - ٢٥٪ بیست و پێنج لەسەدا بۆ هاندانی ئەو کرێکارانە دادەنرێ کە کار دەکەن و لەنێو ئەوانیشدا کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گشتی کە لە ویستگەکانی کێشاندان.

ج ـ لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەرکی بەڕێوەبردنی و بەکارخستنی ویستگەکانی کێشانی سەر بەوەزارەت بەپێی ڕێنمایی تایبەت کە لە بڕگەی (سێیەمی) ئەم ماددەیەدا هاتووە بەکەرتی تایبەت سپێردرا، ئەوا خەرجییەکانی بەکارخستن لە داهاتی وەدەست هاتوو دەدرێت هەروەك لە بڕگەی (١)ی پێنجەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە ئەمەش بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە وەزارەت دەریدەچووێنێ، لەگەڵ چاودێری کردنی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە بەم بۆنەیەوە دەرچوون.

د ـ وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست لەمبارەیەوە دەربكات.

## بەشی شەشەم
## سزاکان

**ماددەی یازدەم:**

بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (٢٥٠٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت ولە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، هەر کەسێك:

**یەکەم:** زیانێکی ئەوتۆ بە ڕێگا گشتیەکان بگەیەنێت کە ببێتە مایەی بەربەست دانان لەبەردەم هاتوچۆ و مەترسی لەسەر بەکارهێنەری ڕێگایەکە دروست بکات.

**دووەم:** ئاگادارکردنەوە بە ڕۆژ و ، ڕووناککردنەوە بە شەو پشت گوێ بخات لەو جێگایانەدا کە کاری هەڵکەندنی تێدا دەکرێت یان لەسەر ڕێگە گشتیەکان ماددە گەلێك فڕێ درابێت.

**سێیەم:** بەکارهێنانی ڕێگە گشتییەکان بە هەڵکەندن یا بەکارهێنانی بێ مۆڵەت یان بیناکردنی کاتی یان هەمیشەیی سەرەرای ئەوەش خەرجییەکانی دەست درێژییەکەش لادەدات.

**چوارەم:** سەرپێچی لە ڕێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێرایەکان کردبێت، کە لەلایەن فەرمانگە تایبەتمەندەکانەوە ڕاگەیەنراون.

**ماددەی دوزادەیەم:**

بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کەمتر نەبێت لە (٣٠٠٠٠٠)سێ سەد هەزار دینار و، زیاتر نەبێت لە (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار، هەرکەسێك:

**یەکەم:** دەست درێژی کردە سەر قەدەغەکراوی ڕێگا گشتییەکان بە هەڵکەندن یان بەکارهێنان بەبێ مۆڵەت یان بیناکردنی کاتی یان هەمیشەیی سەرەرای ئەوەش خەرجییەکانی دەست درێژیەکەش لادەدات.

**دووەم:** بووبێتــە هــۆی پەکخــستنی هاتوچــۆ لەســەر رێگــا گــشتیەکان لــەدەرەوەی ســنووری شارەوانییەکان.

**سێیەم:** نیشانەیەکی هاتوچۆ یان زیاتری هەڵکێشابێت، یان پەرژینی سەلامەتی لادابێــت، یــان تەلبەندی لادابێت، یان ئاوبارە و ، پردەکانی شێواندبێت، یان زیانی پێگەیانــدبن، یــان جێگەکانی، یان ئاڕاستەکانی گۆڕیبن.

**چوارەم:** کارمەندان وەزارەت یان ئەو لایەنەی کە گرێبەستی لەگەڵدا مۆرکراوە لــە ئەنجامــدانی ئەرکەکانیان قەدەغە کرد بێت یان بەربەستی بۆ دانابن.

**پێنجەم:**

١- سەرپێچی لە حوکمەکانی ماددەی (٨)هەشتەمی ئەم یاسایەدا کردبێت.

٢- سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەو ڕێنماییانە یان لەو بەیاننامانە کردبێت کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەرچووبن.

**ماددەی سێزدەم:**

ئەگەر ئەو سەرپێچییەی لە حوکمەکانی هەردوو ماددەی (١١،١٢)ی ئەم یاسایە، تاوانێکی لیٚ بکەوێتەوە، سزاکەی بەپێی یاسایەکی تر قورستر بێت، ئەوە، لەوبارەدا دەقی یاسا قورســترەکەی بەسەردا دەسەپێنرێت.

**ماددەی چواردەم:**

ئەو سزایانەی کە دەقەکانیان لەم بەشەدا هاتوون مافی وەزارەت لە داواکردنی قەرەبوو لەسەر ئەو زیانانە پووچ ناکاتەوە کە لە ئەنجامی سەرپێچی یان پێشیل کــردن کــە لــەم بەشــەدا ئامــاژەی پێدراوە.

**ماددەی پازدەم:**

**یەکەم:** شوفێر یان خاوەن ئەو ئۆتۆمبێلەی کە سەرپێچی لە کێشانەکانی سەنگە میحوەریەکان دەکات بە غەرامەیەکی دارایی سزا دەدرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە.

١-لە هەر (١٠٠) سەد کیلۆ غرامی زیادە بار (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار غەرامە دەکــرێ تــا دەگاتە یەك تەن.

٢- لە هەر (١٠٠) سەد کیلۆ غرامی زیادە بار (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار غەرامە دەکرێ تا چوار تەن.

٣-لە هەر بارێکی زیادە (١٥٠٠٠) پازدە هەزار دینار لە هەر (١٠٠) سەد کیلۆ غرام غەرامە دەکرێت ئەگەر بارە زیادەکەی لە چوار تەن زیاتر بێت تا دەگاتە هەشت تەن لەو بارە زیادەیە.

**دووەم:** ئەو ئۆتۆمبێلەی سەرپێچی لە کێشانی قورساییە میحوەریەکان دەکات دەستی بەسەردا دەگیرێت تا ئەو کاتەی بارە زیادەکەی بەتاڵ دەکرێت و بۆ دەرەوەی وێستگەی کێشانەکە لەسەر مەسرەفی سەرپێچیکارەکە دەگوازرێتەوە ئەگەر بارەکەی لەو سنوورە بترازێت کە لە بەندی سێیەمی برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەی سەرەوەدا هاتووە.

**سێیەم:** کرێی زەویانە بە بری (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار لەهەر شەوێ وەردەگیردرێت کە ئۆتۆمبێلەکە بەدەست بەسەردا گیراوی لە گۆرەپانی دەست بەسەردا گرتنەکەدا دەمێنێتەوە و، ئەوەش لە رۆژی سەرپێچ کردنەکەوەیە.

**ماددەی شازدەم:**

**یەکەم:** کارمەندانی هاتوچۆ، ئەوانەیان کە تەرخان کراون بۆ ئیشکردن لە وێستگەی کێشانەکە، دەستەلاتی سەپاندنی غەرامە و دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلی زیادە باریان پێدەدرێت بەپێی حوکمەکانی ماددەی (١٥)ی ئەم یاسایە و، بریارەکانیشیان لەم رووەوە بنبڕ دەبێت.

**دووەم:** پشت بەستن بە خوێندنەوەی پێوانەی کێش بەڵگەی سەلماندنە بۆ مەبەستی سزادانی سەرپێچیکار.

**سێیەم:** لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو غەرامەیەی لە ماددەی (١٥)ی ئەم یاسایەدا دەقەکەی هاتووە، لە ماوەی (١٥) رۆژدا لە رۆژی سەرپێچیەکەوە نەدرێت، ئەوا شوفێر یان خاوەنی ئۆتۆمبێلە سەرپێچیکەرەکە بەبەند کردن بۆ ماوەیەك سزا دەدرێت کە لە (١) مانگ کەمتر نەبێ و، لە (٣) مانگیش زیاتر نەبێت.

**چوارەم:** شوفێری ئوتومبیلەکە یان خاوەنەکەی کە لە کرداری کێشانەکە خۆی بدزێتەوە، بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (٢٥٠,٠٠٠) دووسەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە (٤٠٠,٠٠٠) چوارسەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێت، لەگەڵ لانەدان لە حوکمەکانی بەندی یەکەم لە ماددەی (١٥)ی ئەم یاسایە.

**ماددەی حەڤدەم:**

ئەگەر سەلما کە یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەشتیکردنی وەگەر خستنی وێستگەکانی کێشانی ئوتومبیلەکان کە لە برگە (٢)ی ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە دەستکاریی کێشی لۆریە بارهەڵگرەکانی کردبێت، ئەوە بە پێی ماددەی (٣٠٧) لە یاسای سزا ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ سزا دەدرێت.

**ماددەی هەژدەم:**

**یەکەم:** ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی دەست بەسەرداگرتنی ئوتومبیلەکەی پێ سپێدراوە، هیچ بەرپرسیاریەکی ناکەوێتە سەر لەو زیانانەی کە تووشی شت ومەکە بارکراوەکە دەبن کە لەوانەیە خراپ بن.

**دووەم:** حوکمەکانی یاسای دەستکاریکردنی ئوتومبیلە دەست بەسەردا گیراو و جێهێڵراوەکانی ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٨٧ بەسەر ئەو ئوتومبیلە سەرپێچی کارانەدا دەسەپێنرێت کە لە گۆڕەپانی وێستگەکانی کێشاندا جێهێڵدراون.

**سێیەم:** ئەو شت ومەکانەی کە لە کێشی بڕیاردراو زیادەن و سەرپێچیکارەکان بە جێیاندەهێڵن، وەزارەت بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسا کارپێکراوەکان دەیانفرۆشێت

**چوارەم:** پارەی فرۆشتن کە دەقەکەی لە بەندی (سێیەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە لەگەڵ ئەو غەرامانەی کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون بە داهات بۆ وەزارەت تۆمار دەکرێن.

**پێنجەم:** دەستکەوتی ئەو ڕێژەیەی کە دەقەکەی لە بەندی (چوارەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

١. (٧٥٪) حەفتا و پێنج لەسەدی دەخرێتە حساباتی وەزارەتەکەوە و بۆ پاراستنی ڕێگاکان تەرخان دەکرێت.

٢. (٢٥٪) بیست و پێنج لەسەدی وەك دەستخۆشانەو هانەدان بە کارمەندانی وێستگەکانی کێشان و کارمەندانی وەزارەتەکە دەدرێت.

**شەشەم:** وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ ڕێنمایی هاندان دەردەچوێنن کە دەقەکەی لە بڕگە (٢)ی بەندی (پێنجەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، کە بنەماکانی دابەشکردن ودیارکردنی ئەوانەی کە دەیانگرێتەوەو، حاڵەتەکانی بێبەشبوانیشی تێدا هەیە.

## بەشی حەوتەم
## ئەحکامی گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی نۆزدەم:**

**یەکەم:** وەزارەت پارەی تێچووی دامەزراندنی ئەو ئاوبارەو پردو دامەزراوانەی کە خۆی ئەنجامی داون لە سوودمەندەکان وەری دەگرێتەوە لەسەر داوای خۆیان لە ڕێگای تایبەتییەکان ئەگەر دامەزراوەکە لەسەر داوای خۆیان بوو..

**دووەم:** یەکەی کارگێڕی پارەی تێچووی لابردنی لەو دەستدرێژییەی کە لەسەر قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان کراوە بەپێی ئەو لیستانە وەردەگرێتەوە کە بە پێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حکومەت ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ و هەموار کراوەکانی ئامادەکراوە.

**ماددەی بیست:**

پێویستە لەسەر وەزارەت و ئەو بەڵێندەر یان کۆمپانیانەی کە نوێنەرایەتی دەکەن بەردەوامبوونی ڕۆیشتنی ئاوو رووبارو جۆگەو خوێدەڵێن دابین بکەن کە دەکەونە ڕێگای پرۆژەگەلی ڕێگە گشتیەکان و پردەکانەوە، هەروەها ڕێگای جێگرەوەش بۆ ئەو ڕێگایانە دابین بکات کە هەن و دەکەونە ڕێگای پرۆژە تازەکانیان لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا.

**ماددەی بیست و یەك:**

کارمەندانی وەزارەت بۆیان هەیە جگە لە خانووەکانی نیشتەجێبوون و بینایەکان بچنە ناو عیقارە تایبەتەکانەوە بۆ ئەوەی ئیش و کاری رووپێوکردن ئامادە بکەن، ئەمەش لەدوای ئاگادارکردنەوەی خاوەنەکەی و دیارکردنی رەوتی ڕێگا گشتییەکان و پردەکان بەمەبەستی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانیان دێت.

**ماددەی بیست و دوو:**

**یەکەم:** تەنها ئیشی وەزارەت جێبەجێ کردنی ڕێگا خێرا و سەرەکی و لاوەکی و یەکتربڕ و ئەو تونێلانەیە کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان و جێبەجێ کردنی پردەکانیش

**دووەم:** فەرمانگەکانی دیکەی دەوڵەت یان هاووڵاتیان بۆیان هەیە ڕێگا خۆجێییەکان یان ڕێگای گوندەکان یان ڕێگاکانی گەشت و گوزار یان تایبەتەکان و پەڕینەوەکان، بە ڕەزامەندی و سەرپەرشتی وەزارەت جێبەجێ بکەن، بە مەرجێ دیاریکردنی قەدەغەکراوەکانی ئەم ڕێگایانە، تەنیاو تەنیا، ئیشی وەزارەتەکە بێت.

**ماددەی بیست و سێ:**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆ، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا، قەبارەی (ابعاد) ئوتۆمبیلە جۆربەجۆرەکان دیار دەکات، هەروەها تیژترین خێرایی و کەمترینیان لەسەر ڕێگا گشتیەکان بە پێی جۆری هەر ڕێگەیەك، بە بەیاننامەیەك دیار دەکات و، لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**دووەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆ، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا، بە بەیاننامەیەك ڕێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێراکان دیار دەکات و، لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**ماددەی بیست و چوار:**

کار، بەو بەیاننامانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆوە دەردەچوێندرێن بەدەوام دەبێت، کە هاودژ نەبن بە حوکمەکانی ئەم یاسایە، تا ئەو کاتەی شوێن گرەوەیەکی بۆ دەردەچێت یان پووچەڵی دەکاتەوە.

**ماددەی بیست و پێنج:**

وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی، ناوخۆ و دارایی و ئابووری، بۆیان هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسان بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.

**ماددەی بیست و شەش:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی بیست و حەوت:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)ەوە، جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

هەولێر
٢٨/ ئایار /٢٠١٢ ی زایینی
٧/ جۆزەردان/ ٢٧١٢ ی کوردی
٧/ ڕەجەب /١٤٣٣ ی کۆچی

**هۆکارە پێویستەکان**

بەمەبەستی دیارکردنی بەرپرسیارێتی وەزارەت لەسەرپەرشتیی جێبەجێکردنی ڕێگا گشتیەکان لە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان و، لە پێناوی ئەوەشدا کە پرۆژەکانی پردو یەکتر بڕەکان یاساکە بیگرێتەوە و بۆ قەدەغەکردنی دەست درێژی کردنە سەر ڕێگا گشتییەکان و ڕێگا خێراکان و قەدەغە کراوەکانیان و، هەروەها لە پێناو دیارکردنی قورساییە میحوەریەکانی ئوتومبیلەکان کە ئەم ڕێگایانە بەکاردەهێنن و، بۆ یەکخستنی ڕێکارەکانی بە مۆڵەتکردن و، ڕێکخستنی بەکارهێنانی قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان و ڕێگای هاتوچۆ خێراکان، وە لەبەر ئەو گۆڕانکاریەش کە لە پەیکەری ئەو فەرمانگانەدا پەیدا بووە کە ڕێگا گشتیەکان جێبەجێی دەکەن و، لە بۆ یەکخستنی ڕێسا یاساییە پێوەندیدارەکانیش، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.